

دڕگ وگوڵ

بەشی دووەم

ئیبراهیم ڕەحمەد

ڕۆمان

43657

Preview sample - page 1 of 5 - Soran University Academic Digital Library

بلاوکراوەی ئیبراهیم ئەحمەد فاوندەیشن



ناوی کتێب: دڕک و گوڵ- بەشی دووەم
نووسین: ئیبراهیم ئەحمەد
دیزاینی بەرگ: عەلی ئەرشان خان
خۆشنووسی سەر بەرگ: ئەحمەد سەعید
دیزاینی ناوەوە: بوار نوورەدین
تیراژ: ١٥٠٠ دانە
لە چاپخانەکانی تاران- ئێران چاپکراوە

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی ١٣٦٩ی ساڵی ٢٠٢١ی پێ دراوە

Preview sample - page 2 of 5 - Soran University Academic Digital Library

١

زۆراب دوای ڕیش تاشین و خۆشتن و بەرچایی خواردن، ئەوجا تەلەفوونێکی کرد بۆ مالّی نووری بەگی خزم و پشتیوانی و پێی وت: کە ئیشێکی پەلەی پێی هەیە، ئەویش کاتێکی بۆ دانا، کە لە شوێنی ئەوقاتییەکەی ببینێ.

زۆراب کە دی زۆری ماوە بۆ چوون، لەسەرخۆ خۆی گۆڕی و کەوتە پیاسەکردن بە ڕاڕەوی ئۆتێلەکەدا، چاوی ئەگێڕا بەملاوبەولادا، بەشکوو لە لایەکەوە ئافرەتێکی جوانی چاو پێ بکەوێ، نەک هەر لەبەرئەوەی هەمیشە ژنی جوان و پارەی زۆر، ئەستێرەی هەرە گەشی ئاسمانی ژیانی بوون، چاوگێڕانی ئەم جارەی بەو تاسە و ئارەزووەوە ئەوەشی تیابوو، کە چاوەڵێنانی ئەم بەیانییەی بە ئافرەتێکی جوانا، بە نیشانەیەکی باش و مژدەیەکی خۆشی دائەنا، بۆ سەرکەوتنی لەو فرمانەدا، کە بۆی هاتووە! لە کاتێکا کە خەریک بوو ناهومێد ببێ. ژنێکی جوانی شۆخ و شەنگ لە پلیکانەکان سەرکەوت و خۆی کرد بە ژووری نمرە نۆدا، زۆراب بەمە گەشایەوە و بە ڕوویەکی خۆشەوە ڕووی کردە ئۆفیسی ئۆتێلەکە، ڕووانی کەسی لێ نییە، لای دەرگاکەوە لەسەر قەنەفەیەک دانیشت، ئەوەندەی پێ نەچوو "بۆی"ەکی ڕێکوپێک کردی بە ژوورا و سڵاوێکی گەرمی لێ کرد، ئەمیش دوای وەرام دانەوەی، لنگی نایە سەر لنگ و پۆزێکی لە خۆی نا و پاکەتە کەمێلەکەی[1] گیرفانی دەرهێنا، جگەرەیەکی لێ نایە نێو لێوانی و نەختێ مالّی بە گیرفانەکانی خۆیا و ئەوجا بە عەرەبی بە بۆیەکەی وت:

١- لە چاپی پێشتردا "کەمل" نووسراوە و ئەبێ "کەمێل CAMEL بێت. (بوار نووردین)

Preview sample - page 3 of 5 - Soran University Academic Digital Library

ـ ئەتوانی شخارتەیەکم بۆ بکڕی؟

بۆیەکە ڕاست بووەوە، وتی:

ـ ئەمرەکەی بەڵام، با جاری جگەرەکەت بۆ داگیرسێنم.

وای وت و چەخماخێکی بۆ لێ دا. زۆراب لێرەدا ژنەکەی نمرە
ێوی کەوتەوە بیر، بە ڕوویەکی خۆشەوە پێی وت:

ـ سوپاست ئەکەم. وا دیارە تۆش جگەرەکێشی، ها لەمە بکێشە.

ـ زۆر سوپاست ئەکەم بەگ.

بۆیەکە جگەرەکەی لێ وەرگرت و خستیە پەنا گوێی و لێیدا بچێ
شخارتەی بۆ بهێنێت.

«هەندێ کەس سەیرن دارکارییان بکەی، جگەرەیەکی وا نادەن بە
میوانێکیان، ڕ جای بە بۆیەکی نەناسیاو، بەڵام لەمەدا زۆر گەوجن،
جگەرەیەکی وا کە ئەکەوێتە دوو فلس و نیو، لە چەند دینارێک زیاتر
خواردەیی و کیباری و پیاوەتی و دۆستایەتی پیشان ئەدا! هیچ
بۆیەکی ئوتێل بە دە فلس بەخشیش نالێ بەزیادبێ، بەڵام بە
جگەرەیەکی وا، دەوڵەمەندترین پیاو مەمنوون ئەبێ. لەوانەیە ئێستە
یەکێک چاوی لێ بێ جگەرەی وا ئەدەم بە بۆی ئوتێل، یا بڵێ: تازە
پیاکەوتووە، یا بە کەرم دابنێ.»

ـ فەرموو بەگ!

بۆیەکە شخارتەکەی دایە دەستی، ئەمیش بیست فلسی هەڵدایە
سەر مێزەکەی بەردەمی، بۆیەکە خەریکی گیرفان پشکنین بوو، بۆ
وردەی بیست فلسەکە. بەڵام زۆراب بە پێکەنینەوە، وتی:

Preview sample - page 4 of 5 - Soran University Academic Digital Library

ـ ئەوە بۆچی ئەگەڕێیت؟ نا، گوێ مەدەرێ بیست فلس چییە، تا باقیم بدەیتەوە!

ـ بەزیاد بێ بەگ.

«جارێ ئەوە سێ بەگ و بەزیادبێیەک، لەسەر حسابی جگەرەکە. ئاخۆ ئەم بۆیە ناوی چی بێ؟ سەر و سەکوتی لە 'میخە' ناو ئەکات! نا، نا، کوڕێکی وا ئێسک سووک چۆن، قسەی هیچ! بۆچی ناویش سەبارەت بە دیمەنی تایبەتی لە خەڵک نراوە؟ دیارە نەء، ئەی بۆ من وام دێ بە بیرا، کە ئەم کوڕە قۆزترە لەوەی ناوی 'میخە' بێت، دەی ئەمەی پێ ناوێت با لە خۆی بپرسم، ڕەنگە ناوی جۆرج بێ.» ڕووی کردە بۆیەکە، کە هێشتا هەر ڕاوەستابوو، وتی:

ـ بۆ دانانیشیت! بە ڕاست خۆ من هێشتا ناوت نازانم!

ـ ناوم 'بەهنامە' بەگم! لێرە نەبووم تا بمناسن، هەمووی دوو مانگە هاتوومە ئێرە!

ـ بەهنام! ئەبینم ئوتێلەکەمان چۆڵە.

بە ناڕەزایی بۆیەکە سەری بادا و وتی:

ـ چۆڵی چی میرم؟ شەوێ بە هەزارحاڵ توانیمان ژوورێکی تەنیا بۆ جەنابت پەیا کەین!

ـ ئۆو! لە قسەکەم نەگەیشتی، نیازم لە پیاو نییە، نیازم لە ژنە، ئەم جارە ژنی کەم تیایە!

ـ بەڵێ ئەوە وایە، چونکە دوێنێ تاقمەکەی کابارێی ئەندەلووس ڕۆیشتن، قۆنتەراتەکەیان بڕایەوە.

ـ ئەی ئەو ژنە کێیە لە نمرە نۆ؟

Preview sample - page 5 of 5 - Soran University Academic Digital Library